# خولێک و مەشقێکی ڕاهێنانی ئەنجومەنی گەنجانی"میدیـــا"
# بە ناونیشانی(نەهێشتنی توندوتیژی لەنێوان خێزانی کوردان) دا
# ڕۆژانی شەممە و یەکشەممە ڕێکەوتی 04 و 2006/11/05




Sardar Fatah /Midia

یەکێک لە چالاکییە بەرچاو گرنگەکانی ئەم وەرزەی"میدیـــا"،لە لایەن ئەنجومەنی گەنجانەوە، بەردەوامی دەدرێت بەو زنجیرە مەشق و ڕاهێنانەی لە سەرەتای ساڵی پارەوە، ناو بەناو بۆ گەنجان ئەنجام دراوە، ئەمجارەیان 16 کادر و ئەندام لە ژنان و پیاوانی بە ئەزموونی یانەی "میدیـــا" لە بوارە جۆربەرەکاندا. ڕۆژانی شەممە و یەکشەممەی ڕێکەوتی 04 و 2006/11/05 بانگێشت کران، بۆ شارۆچکەی دۆرن، لە هۆڵەکانی ئوتێلێکی گەشتیاری لە ناوەندی (Confrentie Centrum Kaap Doorn).

**خولەکە ئەنجام درا.**





**جگە لەوەی بابەتی جدی و چارەنوسساز لە خولەکە دا پێشکەشکرا، لەبەر ئەوەی هەموو کۆمەڵگاکانی دنیا ئەم جۆرە گرفتەیان دێتە ڕێگە، گروپی سۆماڵی و ئەفغانی و هۆڵەندیش، لە هەمان شوێن و سات و کات، هەمان خولیان بەڕێوە دەبرد، پاش تەواو بوونی بەرنامەی خولەکان، لە کاتی پشودا ئێواران، پرۆگرامی کلتوری و سەما و مۆسیقا پێکەوە لە نێوان هەر چوار گروپەکەدا پێشکەش دەکرا.**

**شایانی باسە ئەو کادرو ئەندامانەی "میدیـــا" وەک پیشە لە گەلێک لە بوارەکانی ژیاندا ئەزموونیان هەبوو وەک (بواری پەروەردە و فێرکردن، کاسبکار، خوێندکار، تەکنیکار، وەرزشەوان، میکانیک، ژنی ماڵ...هتد..) تەمەنی بەشدابووان لە 35 تا 55 ساڵ بوون.**





پێکەوە، ئەم بەرێزانە لە بابەتێکی هەستیار و گرنگ دووان و تیشکی توێژینەوەیان خستبۆ سەر توندوتیژی لەنێوان خێزانی کوردان لە هەندەران، شایانی باسە (مەبەست جەعفەر و بەختیار بەکر)، وەک دوو گەنجی چالاک و سەرپەرشتیاری "میدیـــا"، ئەزموونێکی باشیان وەک ڕاهێنان لە چەندین مەشقی چڕوپڕدا وەدەست هێناوە بە پشتگیری و هاوکاری وەزارەتی داد و وەزارەتی پەنابەرانی هۆڵەندی و دەزگای پەنابەرانی هۆڵەندی، هەموو زانیارییەکانیان لەو خولانەدا بەسەرپەرشتی ڕێکخراوی (TA)لە شاری ئوترێخت وەرگرتووە، لەم خولەشدا ئەم دوو ڕۆژە توانیان، زانیاریەکانیان بخەنە بواری پراکتیکەوە. تیشکی سەرنج و توێژینەوە بە نموونەی زیندووەوە بخەنە سەر ئەو گرفتە کۆمەڵایەتییە، کە ڕووەیەکی دزێوی بەخشیوە بە کۆمەڵگای کوردەواری لە هەندەران.
بابەتەکانی دانیشتنی یەکەم:

- توندوتیژی لە نێو ماڵ و ناساندنی جۆرەکانی توندوتیژی.
- تابوو- عەیبە و زەم و زەمکاری.
- کەڵچەر و پەروەرەی منداڵ.
- یاسا(قانوون)، بەرانبەر توانای توندو تیژی

بۆ پاڵپشتی خولەکە ئەم کەرەسانە بەکار هاتن:
• فلیمێکی دۆکۆنتێری، سێ چیرۆکی ڕووداوی ڕاستەقینە، چیرۆکە هەواڵێکی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، دەربارەی کوشتنی ژنێکی کورد و پاشان سوتاندنی بە بەرچاوی منداڵەکەیەوە، لە لایەن مێردەکەیەوە، لە شارێکی وولاتی ئەڵمانیا.
ئەم ڕووداوە دڵتەزێنە بە شێوەیەک کاری لە بەشدارانی خولەکە کرد، داوایان لە ڕاهێنەرانی کۆرسەکە کرد، ڕۆژی ئایندەش لەم بارەیەوە درێژە بەم باسە بدەن و بەرپرسان لە وەزارەتی داد و پەنابەران و دەزگای پەناهەندەی هۆڵەندەی لێ ئاگادار بکەنەوە.
ڕۆژی دووەمیش بە هەمان ڕۆژی یەکەم هەر دوو ڕاهێنەر لەگەڵ نوێنەری وەزارەت و دەزگای پەناهەندەی هۆڵەندی و پسپۆرێک لە ڕێکخراوەی ژنان و دەزگای لێپرسینەوە لە مافی ژنانی هۆڵەندیەوە ئامادەبوون، کێشەکان خرانە ڕوو پاشان بە پرسیار و وەڵام لە لایەن بەشداربووانەوە بە سەرنجی هەمەجۆر دانیشتنەکە دەوڵەمەند کرا. لە دوا برگەی خولەکەدا، فۆرمی گلەیی و پێشنیار و سەرنج دابەشکرا و لە لایەن ئامادەبووانەوە پڕکرانەوە و ڕووبەڕوو لێپرسراوان کرانەوە و ئەوی گەلێک سەرنجی بەشداربووانی کۆرسەکەی ڕادەکێشا ئەو گیان و تینە بەجۆشەی هەردوو ڕاهێنەرەکەی "میدیـــا" بوون، بەختیار بەکر و مەبەست جەعفەر، کە بە گیانێکی گەنجانەی پڕزانیاری هاوچەرخانەوە مامەڵەیان دەکرد.
تەنها ڕەخنەی بەشداربووان ئەوە بوو کە لەم خولەدا تونراوە تەنها ئەم 16 ئەندامەی "میدیـــا" بەشداری بکەن، ئەویش هۆیەکەی ئەوە بووە، کە بە گوێرەی داواکاری و پێویستی و تایبەتمەندێتی خولەکە لەو ژمارەیەدا ئەم 16 کەسە جێگیر کراووە، بەڵام هەوڵ دەدرێت لە ئایندەدا، کەسانی تر و بە بەردەوامی لە خولی هاوشێوەدا بەشداری بکەن.

لە کۆتایی خولەکەدا مەبەست جەعفەر سوپاسی ئامادەبوونی تێکرای بەشدار بووانی کردوو ڕوونی کردەوە، بەشداربوونیان بە سەرنج و پێشنیار و پرسیارەکانیان بابەتەکەیان زیاتر دەوڵەمەند کردوو، ئەوەشی خستە پێشچاو "میدیـــا" وەک تیمێکی هەنگئاس کار دەکەن، لە پێناو خزمەتکردنی ڕەوەندی کورد لە تاراوگە.

بە کورتی ناوەڕۆکی باسەکانی ڕاهێنانەکە ئەم شێوازەی لەخۆگرتبوو.

کۆمەڵگای هوڵەندی وکۆمەڵگای کوردی. هەرچەندە دوودنیای جیاواز و لەیەک دوورن لە سستمی ئیداری و لە ڕووی ئابوری وکۆمەڵایەتی وکلتوری یەوە و بەڵام کێشەی مرۆڤەکان و خەمەکانیان لەیەک چوون.
ژنانی ئەم سەرزەمینە بەرێژەی جیاواز بەدەست هەمان زەبروزەنگ و هەمان توندوتیژی وهەمان پاشکەوتەیی ئابورییەوە دەناڵێنن.

بابەتی توندوتیژی لەناو کومەڵگای کوردیشدا یەکێک لەو بابەتانەیە، کە لەلایەن دەزگا دەوڵەتی و کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە ئێستە گرنگی پێدەدرێت، بەڵام نەتوانراوە چارەسەری بنەڕەتی بۆ بکرێت. لەبەر سەختی باری ژنان و تاوانەکانی تیروری ژن، توندو تیژی خێزانی وسوکایەتی پێکردن و توندو تیژی سیکسی ناو ژیانی هاوسەریتی، کەم تر تیشکیان خراوەتە سەر.

بۆیە لێرەدا لەم خولەدا تیشکی زۆری خرایە سەر .

ژمارەی ئەو ژن و پیاو و منداڵ و کچ و کوڕانەی قوربانی زەبروزەنگی فیزیکی (جەستەیی) و دەروونی و ڕەگەزین کەم نین وئەم توندوتیژیە کارتێکەریەکی درێژخایەنی سلبی بەسەر کەسایەتی و باری دەروونی ئەو قوربانیانەوە دەمێنێتەوە.

ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی لەم بوارەدا کراون، پێناسەی توندوتیژی خێزانییان لە گیروگرفتیکی خێزانە وە گۆڕیە سەر گیروگرفتێکی سەرتاسەری کۆمەڵگا، لەبەر ئەوەی ئەنجامدەران و تەنانەت قوربانیەکانی ئەم جۆرە توندوتیژیە بارگەی توندوتیژیان هەڵگرتووە وبە شیوازی جیاواز لە کومەڵگادا بەرهەمی دەهێننەوە.

پێناسەی توندوتیژیی خێزانی:

ئەم توندوتیژیە لەگەڵ بوونی مرۆڤەوە هەبووە و دابڕاو نیە لە مێژووی مرۆڤایەتی. تایبەت نیە بە سەردەمێکی مێژوویی دیاری کراوەوە. بە نەبونی دیالۆگ، زەبروزەنگ زیاتر دەبێت. ئەو خێزانەی دیالۆگ تێدا بەرقەرارە و هەرکەس گوێ لەوی بەرامبەری دەگرێت، شێوەکانی زەبروزەنگیش کەم دەبێتەوە.

ئەنجامدەران و قوربانیەکانی ئەم جۆرە توندوتیژیە دەکرێ ژن یان پیاو بن. هەر وەک دەشێ منداڵ بن. لە سیما دیارەکانی ئەوەیە کە پەیوەندیەکی خێزانی لە نێوان ئەنجامدەر و قوربانی دا هەیە. ئەنجامدەر ڕەنگە باوک یان برا یان هاوسەر یان هەندێ جار دایکی قوربانی بێت. بوونی ئەم پەیوەندیە خێزانیە شێوازیکی تایبەتی دەدات بە هەڵوێستی قوربانی و لە هەمان کاتیشدا شەرعییەتێک دەدات بە ئەنجامدەر، لە ژێر ناوی پەروەردە، یان پیاوەتیدا، ئەم ڕەفتارە پیادە بکات.

زۆربەی کات ئەم توندوتیژیە یەک لایەنیە و چەندجارەوە بووەیە و سترەکچەری هەیە. کاریگەریەکی درێژخایەنی لەسەر دەروونی قوربانی دەمێنێتەوە و بەشێوەیەکی ئەڵقەیی لە وەچەیەکەوە بۆ وەچەیەکی تر دەگوێزریتەوە.

لەم خولەدا وا باسکرا توندوتیژی خێزان هەموو جۆرە توندوتیژیەک دەگرێتەوە، کە لە ناو چوارچێوەی خێزاندا ئەنجام دەدرێ ، کە لە نێوان پیاو و ژندا و لە ناو پەیوەندی هاوسەرێتیدا ڕوو دەدا. ڕێژەی.. قوربانیەکانی ژن بەراورد ناکرێت بە ڕێژەی قوربانی لە ناو پیاواندا، بۆیە لەم کۆرسەدا زیاتر باس لە توندوتیژی پیاو کرا بەرامبەر هاوسەرەکەی.

جۆرەکانی توندوتیژی:

توندوتیژی جەستەیی: کە هەموو جۆرەکانی لێدان و ئازاردانی جەستەیی دەگرێتەوە.

توندوتیژی دەروونی: ووشەی ناشیاو، سوکایەنی پێکردن، گاڵتە پێکردن ئەگرێتەوە.

توندو تیژی سێکسی: بە زۆر مامەڵەی سێکسی لەگەڵ کردن، هەروەها بەزۆر منداڵ بوون، یا بەزور منداڵی پێ لە باربردن دەگرێتەوە.

خەسڵەتە گشتی یەکانی توندوتیژی :

توندوتیژی خێزانی کۆمەڵێک خەسڵەتی جێگیری هەیە، کە بە گوێرەی گۆڕانی کۆمەڵگا ناگۆڕێت. گرنگترینیان هەستی وەلائە بۆ ئەو کەسەی توندوتیژیەکەی نواندووە. زۆربەی کلتورەکانی جیهان لە ڕێزلێنانی پەیوەندیە خێزانیەکان و لە تێگەیشتن بۆدایکایەتی و باوکایەتی وهاوسەرێتی دا یەک دەگرنەوە، کە ئەمەش دەبێتە سەرچاوەی ئەو وەلائە. ئەم هەستە وا دەکات چاوپۆشی لە زۆر شت بکرێت و ئاسان نیە ئەو جێگایەی باوک یان مێردی تێدایە بشکێنرێت و بەرپەرچ بدرێتەوە و هانا بۆ دنیای دەرەوە ببرێت یان شکایەتی پۆلیسی لێ بکرێت تووشی گرفت و کێشەی گرتن و بەندیخانەی بکرێت، ئەگەر منداڵ لەنیوان ژن و میردێکدا هەبێت ئەوەکێشەکە ئاڵۆز تر وپرۆسەکە قووڵ و فراوانتر دەبێت چونکە ئەو کاتە کێشەکە، پەیوەندی بە منداڵەکانیشیانەوە دەبێت.

فاکتەرە کاریگەرەکانی توندوتیژیی:

بەردەوام بونی مومارەسەکردنی توندوتیژیی پشت بە کومەڵێک فاکتەر دەبەستیت لە دیار ترینیان:

–کلتور، مەبەست لە کلتور ئەو خوو نەریتە باوانەیە، کە لە سەرتاسەری کۆمەڵگایەکدا یان ئەو دنیا بینی یە تایبەتیەی لەناو گروپێکی بچووکدا پیادە دەکرێت.

ئاشکرایە کە ئاین رەگێکی قووڵی لە ناو کلتور و مێژووی کۆمەڵایەتی و سیاسی مرۆڤایەتیدا هەیە. بێگومان توندوتیژی لە ڕووی ئاینیەوە بابەتێکی بەرفراوانە و چەمک وئاستی جیاواز ئەگریتە خۆی. هەروەک پەیوەندی ئاین و ژن بەدرێژایی ئەم مێژووە پرسیاری بنەڕەتی و گرنگ بۆ تێگەیشتنی ئەمرۆی بارودۆخی ژن دێنێتە کایەوە، کە لێرەدا ناتوانین لەسەری بدوێین بۆ ئەوەی لە تەوەرەی باسەکەمان دەرنەچین.
ئەو کۆمەڵگایانەی کە ئایین تیایاندا بە شێوەیەکی توندڕەوانە پیادە ئەکرێت بڕی زەبروزەنگ دژی ژن و منداڵ بە شێوەیەکی بەرچاو بەرز دەبێت.

– گۆشەگیری:
ئەنجامدەرانی ئەم جۆرە توندوتیژییە لە ستراتیجیەتێکدا یەک دەگرنەوە، کە ئەویش گۆشەگیرکردن و تەریک کردنی ژنە لە دەوروبەرەکەی. پیاو یەکەم جار هەوڵ ئەدات، ژنەکەی لەو کۆمەڵگایەی دەوروپشتی تەریک بکات. تەریک کردن یان دابڕینی ژن لە کۆمەڵگا لە ناو گوندێکی دوورەدەستی کوردستان و مەغریب و هندستان و شارێکی وەک شیکاگۆ و واشنتۆن و ئەمستردامیشدا وەک یەکە. ڕێژەی ئەو قوربانیانەی، کە بە هۆی توندوتیژی ناوخێزانەوەدێن لە 80% یان ژنن و لە 20% یان پیاون، دیارە ئەم ڕێژانەش چ بۆ ژن و چ بۆ پیاو کەم نین لە 80% ی بکەری توندوتیژیەکان پیاون و لە 20% یان ژنن..
یەکێک لە هۆکارەکانی تری توندوتیژی، بەکار هێنانی ئەلکهول و مادە بێهۆشکەرەکانە، ئەو پیاوانەی ئەلکهول و مادە بێهۆشکەرەکان بە شێوەیەکی زیاد لە پێویست بەکارئەهێنن، توندوتیژی و زەبروزەنگێکی ئەوتۆش بەرامبەر بە ژن و منداڵیان بەکار ئەهێنن، دیارە ئەو خێزانانە دیالۆگ و گفتوگۆ لە نێوانیاندا کەم ئەبێتەوە و کێشەی لابەلا لە نێوانیاندا سەر هەڵئەدات، کە ئەبێتە هۆی توندوتیژی لە دژی ژن و منداڵکانی ناو ئەو خێزانە.
ئەو گروپانەی مخدەراتی زۆریان تێدا بەکار دێت یان لە ڕووی سێکسیەوە لادەرن چ لیسبیش یان هۆمۆ سەکسیوێل بن، ڕێژەی توندوتیژی و زەبروزەنگ تێیاندا زۆرە و لە خەسڵەتە دیارەکانی ئەوەیە، کە زەبروزەنگ تەنها لە نێوان پیاو و ژندا ڕوو نادات، بەڵکو لە نێوان ژن و ژنیشدا ڕێژەیەکی بەرچاوی هەیە لە ڕۆژئاوا.

وەزارەتی دادی هوڵەندە ئامارێکی گەورەی ئەنجام دا، کە چەندین لێکۆڵینەوەی گرتە خوی و ئەو لێکۆڵینەوانەی لەم بوارانەدا کراون، هەوڵیان داوە تیشک بخەنە سەر هەموو لایەن و چمکەکانی کێشەکە. هەروەک هەوڵیان داوە ڕەهەندەکانی ئەم زەبروزەنگە و لایەنە گشتی و ڕیشە بنەڕەتیەکانی ئەم مەسەلەیە شیبکەنەوە و بەدوای ڕێگەچارەی گونجاودا بگەڕین .

ئەو لێکۆلینەوانەی هەوڵیاندا وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەنەوە:
*ئاخۆ چ ئاستێکی کۆمەڵگا بە زۆرترین، ڕێژە دووچاری توندوتیژی دەبێتەوە؟
*لە چ تەمەنێکدا زیاتر، ئەم توندوتیژیە ڕوودەدات؟
* کێن ئەنجام دەرانی؟
*چەند ساڵ بەردەوام بووە ؟
*هۆکاری ئەنجام دانی توندوتیژیەکە چی بووە؟
*قوربانی هەوڵی داوە یارمەتی بە دەست بخات، لە دنیای دەرەوەی خێزانەکەدا..؟
*ئەگەر نا بۆ؟
*دواتر کامانەن کارتێکەریە درێژ خایەنەکانی ئەو توندوتیژیە .

هەندێک لەو پرۆژانە لە هۆڵەندە بۆ بنەڕکردنی توندوتیژی خێزانی:

ماڵی ئارام :
پرۆژەکانی ماڵە ئارامەکان لە هوڵەندەدا پرۆژەی تازە نین تەمەنی کونترینیان نزیکەی حەوت ساڵە، ئەوەی کەتازەیە ئەو نەشونما گەورەیەی ئەم ماڵە ئارامانە بە خۆیانەوە بینیویانە و پەرەسەندن و هەمەچەشن بوونی ئەو خزمەتانەی کە پێشکەشی ژنی هەڵاتووی دەکەن. ئەم ماڵانە زۆربەی کات لەناوەوە دابەش بوون بە سەر دوو بەشدا. بەشی یەکەم بریتیە لە بەشی تازە هاتووەکان، لەم بەشەدا گیروگرفتی ژنی هەڵاتوو لە ژێر توێژینەوە دایە و زۆر جار لەم ماوەیەدا ژن بە یارمەتی یارمەتیدەرە کۆمەڵایەنیەکان گیروگرفتەکانی ڕوو لە کەم بوونەوە ئەکات و بەرەو ماڵی خوی دەگەڕێتەوە. ڕێژەی

کاتی مانەوە لەم بەشەدا سێ مانگە، دواتر ئەگوێزرێتەوە بۆ بەشی مانەوەی درێژخایەن، لە پاش تێپەڕبوونی کات و ئارامبونەی بارودۆخی ژنەکە هەوڵی دابین کردنی ماڵی کەسی بۆ ئەدرێت و لە هەمان کاتدا، پارێزەر و داکۆکی یاسایی بۆ زامن ئەکرێت .

**ناوەندی پشتگیری ژنان**

ئەم دەزگایانە دەوڵەتی نین، بەڵام لە لایەن دەوڵەتەوە یارمەتی ئەدرێن و پشتگیری ئەکرێن. هەوڵ ئەدەن ئەو ژنانەی، کە سەر لە ناوەندەکانی پێشوازی ئەدەن یارمەتی بدرێن بە شێوازی جیاواز.

دەزگای پۆلیس و دەزگای ناوەندی پێشوازی ژنان وماڵە ئارامەکان، کە کەم کردنەوەی توندوتیژی ناو خێزانیان لە ئەستۆ گرتووە، چەند ئەڵقەی پێکەوە بەستراون وتۆڕێکی تۆکمەی کار کردنیان پێک هێناوە.
بەڵام ناوەندەکانی پشتگیری ژنان لە مامەڵەیاندا لەگەڵ پۆلیسدا تووشی جۆرێک لە یەک تێ نەگەیشتن ئەبوون، بەهۆی دووری پۆلیسەوە لە داینەمیکی کار کردن و ڕەهەندەکانی توندوتیژی خێزاندا.

لەبەر ئەوەی کە پولیس دەزگایەکی زور پەیوەستە بە مەسەلەکەوە و زۆربەی کات یەکەم خاڵی پێشوازی قوربانیی‌یە، هۆشیارکرنەوەیان لە قووڵی و کارتێکەری ئەم جۆرە توندوتیژی‌یە کاریکی پێویست بوو.

**میکانیزمی توندوتیژی:**

پاش ئاگادار کردنەوەی دەزگا بەرپرسەکان، لە کارەساتی توندوتیژی ناو خێزان، لێکۆڵینەوەکان دەریان خستووە، لە 20% ی حاڵەتەکان ئەوەستێت و بۆ هەمیشە دووبارە نابێتەوە، بەڵام لە 80% ی پاش ماوەیەک دووبارە ئەبێتەوە و بەردەوام ئەبێت.....
هوشیارکردنەوەی ژن دەربارەی میکانیزمی کاری ئەم ئەڵقە داخراوە خاڵی سەرەتایە بۆ بیرکردنەوە لە داهاتو و هاندەرە بۆ دەرچوون لەو تەوەرە بێ ئەنجامە.
خاڵێکی گرنگی تری هۆشیارکردنەوە، ناساندنی یاسایە بە هاونیشتمانیان، بەپێی یاسا چ سزا ئەدرێت..؟ مافە یاسایی‌یەکانی تاک چی‌یە...؟ هەندێ یاسا هەیە لە ناو دامودەزگاکانی دەوڵەتدا، تیشکی ناکەوێتە سەر و بەکار ناهێنرێت، چاو پۆشی لێ ئەکرێت. بۆیە پێویستە گوشار بخرێتە سەر دەزگاکانی دەوڵەت، کە ئەو یاسایانەیان تیا بخرێتەوە گەڕ و جوڵە و چالاک بکرێنەوە، خەڵک لە ناوەڕۆک و بەکارهێنانەکانی ئاگادار بکرێت.

**هەڵوێستی یاسا:**

*خاڵی یەکەم:
ئەگەر پۆلیس ئاگادار کرا لە حاڵەتێک لە حاڵەتەکانی زەبروزەنگ و ئەگەر پاشماوەی توندوتیژیی‌یەکە بە قوربانیی‌یەکەوە بوو، یان بەڵگەی تەواو لەسەر ئەو پیاوەی زەبروزەنگەکەی نواندووە هەبوو، پۆلیس چاوەڕێ ناکات ژنەی قوربانی دەعوا بەرز بکاتەوە، یاسا ڕێگە بە پۆلیس ئەدات، کە بەدوای بکەردا بچێت و خۆی لە جیاتی حق العام دەعوای لەسەر بەرز بکاتەوە و لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت.
*خاڵی دووەم:
قوربانیی‌یەکە داوای تۆمار کردووە لەسەر بکەری زەبروزەنگ، پاش ماوەیەک بەهەر شیوەیەک بێت ژنەکە پاشگەزدەکرێتەوە لە داواکەی، ئێستا لە هۆڵەندە بە هیچ شێوەیەک ئەو جۆرە داوا تۆمارکراوانە نە لای پۆلیس نە لای دادگا ناکێشرێتەوە، ئەو دوو کەسە ژن و مێردەکە، بکەر وقوربانی ڕەنگە ڕێک بکەون و صولح بکەن، بەڵام یاسا وەک مافی گشتی (حق العام) لە مافی خۆی خۆش نابێت، حەقی کۆمەڵگا و مرۆڤایەتی ئەو کەسە دەبێت سزای خۆی وەربگرێت.
*خاڵی سێهەم :
هەر کەسێک لە ناو خاکی هۆڵەندەدا بژی دەبێت یاسا و سەروەری هۆڵەندە پەیڕەو بکات و هەموو یاساکانی ئەم وڵاتەی بەسەردا بسەپێت. کاتی خۆی پۆلیس بەزەیی بە ژنە بیگانەکاندا هاتۆتەوە، کە گریاون و سەرەڕای ئەوەی زەبروزەنگیان بەرامبەر نوێنراوە، ووتویانە ئێمە دەست لە داواکەمان هەڵئەگرین یان هەر لە بنەڕەتدا نامانەوێ داوا تۆمار بکەین، چونکە کەس وکاری مێردەکانمان لە وڵات کەسوکارمان ئەکوژن یان منداڵەکانمان سەر گەردان ئەبن، یان ئەمان بەنەوە بۆ وڵات

و ئیقامەکەمان ئەکێشنەوە، ئەمانە سەردەمانێک بونەتە هۆکار، کە بکەرە بیگانەکان چاوپۆشیان لیٚبکرێت، بەئەزموون دەرکەوتووە، کە چەند جارەبوونەوەی ئەم چاوپۆشیە چاوی ئەنجام دەرانی قایمتر کردووە و باری قوربانی گرانترئەکات. لەسەر بنچینەی ئەو بیروڕایەی کە کۆمەڵگا و ودەوڵەت پێویستە گوزەرانی ئاسودە و ئاسایش بۆ هەموو دانیشتوانی دابین بکات، بەبیٚ جیاوازی سەر بە هەچ کەمایەتیەک بن یان هەچ رەگەزێکیان هەبێت، پێویستە هەمان یاسا بۆ هەمووان بەرقەرار بێت. پێویستەئەو نیشتەجیٚ تازانەش یاسای ئەم وڵاتە پەیڕەو بکەن و ڕەچاوی ڕەفتار و کلتورەکەشی بکەن. یاسای هۆڵەندی تەنها بەرپرسیارە بەرامبەر ئەو رووداوانەی کە لەناو خاکی خۆێدا رووئەدەن.

**توندوتیژی خێزان لە تاراوگە:**

ڕێژەیەکی زۆری دانیشتوانی ئەمڕۆی وڵاتانی رۆژئاوا لە خەڵکانی کۆچبەر پێک هاتوون. گوزەرانی ژنە کوچبەرەکان جیاوازە لە گوزەرانی ژن لەو کومەڵگایانەدا، کە لیٚوەی کۆچیان کردووە، هەروەک جیاوازە لە باری گوزەرانی ژن لەو کۆمەڵگایەی، کە کۆچیان بۆ کردووە.

بوون و ژیان لە نێوان دوو جیهاندا، کلتورێکی نوێی خوڵقاندووە، کە کلتوری کۆچبەرە. ئەم کلتورە هەڵگری خەسڵەتی تایبەتی خۆیەتی، کە رووبەڕووبوونەوە و کێشەی تایبەتی بۆ ژن خوڵقاندوە.

یەکێک لەو هۆکارانە نەزانینی زمانە، کە دابڕانێکی سەرتاسەری لەگەڵ کۆمەڵگادا ئەخوڵقێنیٚ، بە کردەوە ئەو کەسە گۆشەگیر و تەریک ئەبێت لەو کۆمەڵگایە و توانای دروستکردنی پردی پەیوەندی نامێنێت و هەروەها توانای سود وەرگرتنی لە زانیاریەکان نابێت و ڕێگای دەزگا یارمەتیدەرەکان پیٚ نازانێت. لە 95 % ی ئەو ژنە لە بێگانانەی، کە هاتوون و زمان نازانن و ئاستی خوێندەواریشیان نزمەو متمانەی ئابوریشیان لەسەر مێردەکانیانە و لەوە ترسناکتریش، تازەکردنەوەی ساڵانەی ئیقامەکانیشان پابەندە بە مێردەکانیانەوە. ئەمە گرفتەکە، گەورەترئەکات.

یەکێکە لە خەسڵەتەکانی تری ژنی بێگانە، ئەوەیە وەک یاسا پەیوەندیان بە دەرەوەی ئەو وڵاتەوەیە، کە تێدا دەژین. واتە ڕاستەوخۆ پەیڕەوی یاسای وولاتی بنچینەیی خۆیان دەکەن لە هەموو عورف و عادەتێکدا و هەر یاسای وڵاتی خۆیان لێرەش مەرجەعە بۆیان.